## چه ند ڕاستیه ک بۆ مێژوو له یادی ئه نفالدا..... نووسینی ئارام ده ربه ندیخانی

من نوسه ر نیم و چاودێری سیاسیش نیم به ڵام هه ندێ شتم لا گه ڵاڵه بوگه ئه مه وێ به ئا مانه ته وه لای ئێوه باسی بکه م ئه گه ر نا دڵم ئه ته قێت و روحی ئه نفاله کان ئازارم ده ده ن ***** جیاوازی من له گه ڵ نووسه ردا ئه وه یه ئه وان ده توانن چی له بیرکردنه وه یاندایه بیخه نه سه ر کاگه ز به ڵام من ناتوانم::::

من وه کو شایه تحاڵێ ئه مانه ده گێرمه وه ئیتر ئێوه خۆتان دادوه ر بن* حه ز ده که م سه ره تای باسه که به پرسیارێ ده ست پێ بکه م و دوایی بچمه ناو باسه که وه (ئایا هێزی پێشمه رگه بوو بون به قه ڵخان بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی مه ده نی[سیڤڵ] یان به پێچه وانه وه).........؟؟؟؟؟

رژێمی تاوانباری به عس هه ر له کاتی هاتنه سه ر ده سه ڵاتی پلان و به رنامه ی گڵاوی داده رشت بۆ ڕاگوێزان و به عه ره ب کردنی گونده کانی کوردستان..پێش ده ستپێ کردنی هێرشی ئه نفال، راگوێزان ئه نجام درابوو بۆ نموونه له ناوچه کانی خانه قین و زه نده ئاباد و که رکوک و هه ولێر و موسڵ...شوێنه کانی تر له ساڵی ١٩٧٤ هاوڵاتیانی کوردیان له گونده کانیان ڕاگواستبوو بۆ باشور و ناوه راستی عێراق و هێنانی عه راب و نیشته جێ کردنیان له شوێنی ئه وان. ئه مه ش به بیانوی ئاڵۆزی ناوچه ی سنوری و پاراستنی ئاسایش هه ندێ بیانوی تر ئه مه له کاتێکدا رژێم دوو قازانجی ده کرد یه که م به عاره ب کردن و دووه م پاراستنی ئاسایش که ئه و گوندانه بو بوون به بنکه و جم و جوڵی هێزی پێشمه رگه...!هه ر بۆیه ڕژێم ئه م هه نگاوانه ی زۆر به سه رکه وتوانه نرخاند و هه وڵیشی ئه دا هه مان هه نگاو له ناوچه کانی تری کوردستان بنێ به ڵام ئه وه .....شتێکی مه حاڵ بوو چونکه پێویستی به بیانویه ک هه بوو بۆ ئه نجامدانی وه ها پرۆژه یه ک سه رکردایه تی کورد به وشیارانه مامه ڵه یان له گه ڵ ئه م نیازه گڵاوانه ی ڕژێمدا نه کرد و زۆر به ئاسانی ئه و بیانوه ی ڕژێم پێویستی پێ بوو جێبه جێیان کرد جا ئیتر به نه زانی بێت یان به شێوه یه کی نه خشه بۆ دارێژراو...!

هه ر وه کو هه موو ده زانین هه ر له سه ره تای ده ستپێکردنی شۆرشی گه لی کورد له کوردستاندا،گونده کان بونه ته جێگای نزڵگاو حه وانه وه یی هێزی پێشمه رگه،،خواردن ،خواردنه وه،،پۆست و هه واڵ،،تراکتۆر،،وولاخ،، ..چه ک و فیشه ک،،هاتنی که س و کاری پێشمه رگه،، ئه مانه و زۆر شتی تر له سه شانی گوندنیشینه کان بوون به ڕاستی ئه گه ر ئه و گوندانه نه بونایه کورد له باشوور له م ئاسته دا نه ده بوو،،له وانه یه ئێمه ش نه مان زانیایه به کوردی بپه یڤین .که واته گونده کان فاکته رێکی زۆر گرنگ بوون له هاوکێشه ی شۆرشی گه له که مان لێره دا پرسیارێکی تر خۆی قوت ده کاته وه: ئایا هێزی پێشمه رگه ی کوردستان توانیان پارێزگاری له ئه وان بکه ن هه ر هیچ نه بێت له کاتی شه ڕ و پێکدادان له گه ڵ رژێمدا له دوور له گونده کان شه ڕه کانیان ئه نجام بدایه..؟؟ئا لێره دا مه به ستمه خاڵ له سه ر پیته کان دابنێم:....

له کاتێکدا ڕژێم سه رقاڵی جه نگ بوو له گه ڵ ئێران پارته کوردستانیه کان به تایبه تی ئه و دوو پارته

ده سه لاتداره ی کوردستان (ی.ن.ک)و(پ.د.ک) له په یوه ندیه کی توند و تۆلا بوون له گه ل ئێران و سیخوریان

!...ده کرد له به سه ر پارته کانی رۆژهه لات و چاوساقیان بۆ سوپای پاسداران ده کرد له دژی رژێمی عێراق

ئه وه بوو له هێرشی هه له بجه دا شان به شانی پاسدار هێرشیان کرد و کاتێ که هه له بجه رزگار کرا خه لکی

هه له بجه ئه یانزانی رژێم به بیانوه بۆ تۆله،ویستیان رابکه ن و برۆنه ده ره وه ی شار به لام رێگایان لێگیرا

له لایه ن پێشمه رگه قاره مانه کانه وه و کاتێ هێرشی کیمیاوی کرایه سه ر هه له بجه هێزی پێشمه رگه رایان

کرد و خه لکه که یان به جێهێشت و پاشان هاتنه وه تالانیان کرد..! هێزی پێشمه رگه که وتنه پێش سوپای ئێران

- و هێنانیان بۆ ناوچه ی قه راخ و گه رمیان،،ئه وه بوو سالی ١٩٨٦ هێرشیان کرده سه ر بیره نه وته کانی

باباگورگور به کاتیۆشه ی ئێران هه ر هه مان سال هێرش کرایه سه ر شاری کفری به هاوه ن،،،به به ر چاوی

خه لکی ناوچه که وه چه نده ها جار پاسدار بینراون و به شانازیشه وه له رادیۆی پارته کانه وه خوێنراوه ته وه

ئه مه خۆی له خۆیدا گلۆپی سه وز هه لکردن بوو بۆ رژێم و دانی بیانوویه کی به هێز بوو بۆ رژێم بۆ ئه وه ی

نیازه گلاوه کانی ئه نجام بدات،،،،ئه وه بوو هه موو موسته شاره کانی کۆ کرده وه و پێی وتن که هێزی

پێشمه رگه له پشته وه خه نجه ری ژه هراویمان لێ ئه دات،،ئه ویش به هێنانی سوپای پاسداران بۆ ناوچه که

بێ ره چاو کردنی خه لکی مه د ه نی) بۆیه رژێم بریاری دا گوند ه کان بهێنێته خواره وه بۆ کۆمه لگا زۆره)

ملیه کان له نزیک جاده و کۆنترۆلی خۆی،،،،ئه م بریاره ش به هۆی کوێخا و سه رۆک جاش و عه شیره ته کانه وه

گه یه نرا به خه لکی بێ دیفاع و مه ده نیه گوند نیشینه کان،مۆ له تی مانگێ دانرا بوو بۆ ئه وه ی که برۆن

به ره و کۆمه لگاکان،،،به لام بریاری سه رکردایه تی کورد ئه وه بوو که نابێت به هیچ شێوه یه ک مل که چی

بریاره کانی رژێم بکرێت و قه ده خه کرا که خه لکی گوندنیشین بڕواته کۆمه لگاکان....به ره به ره ماوه ی

!..مۆله ته که کورت ده بوه وه هه تا ئه نفال ده ستی پێ کرد و هێرش چه نده ها لاوه هاوکات ده ستی پێ کرد

به بریارێکی کت و پڕ رۆله ماندوو نه ناسه کان وه کو به رزه کی بانان بۆی ده رچوون به ره و مه رزی ئێران

...خه لکی بێ دیفاعی گوندنیشینیان به جێهێشت که رژێم به و ده رده ی بردن که هه موو کورد ده زانێت

جا لێره دا پرسیارێکی تر روبه رووی هه موو مرۆڤێکی خاوه ن ویژدان بکه م؛ ئائه مه بوو پاداشتی چاکه ی ئه و

گوند نیشینانه که کردیان بۆ پێشمه رگه و شۆرش...؟؟؟ئایا ته نها رژێم تاوانباره..؟باشه به چ روویه ک باسی

ئه نفال ده که ن و فرمێسکی تیمساحیان بۆ هه لئه رێژن..؟بۆ داوای لێبوردن له که س و کاری ئه نفال ناکه ن.؟

له کاتێکدا به ده یان هه زار کچی گه نجی کورد به ده ست شۆفێنستی عه ره به وه ئه که وتنه به ر هێرشی

سێکسی و وه کو کۆیله ئه فرۆشران به مه لها و نایت کلۆبه کان ،له کاتێکدا کوره گه نجه کان وه کو مشکی

!..تاقیگه تاقیکردنه وه ی کیمیاوی له سه ر ده کرا هه لۆ به رزه فره کان به ره و مه رزه کان ده یان قوچاند

ئه وانه ش مابونه وه له پیر و په ککه وته کان لا زیندانه کانی نوگره سه لمان ده کران به خواردنی سه گه

کان... ئا ئه مه بوو ئه و شۆرشه ی کردتان خه لکی مه ده نیتان کرد به قه لخان بۆ پاراستنی ژیانی خۆتان؟؟

ئایا مافه كانی ئێمه ڕه واییه كه له وه تی هه ین كۆیله ین یان خه ڵكی فه لوجه بۆ ماوه ی ٢٠ڕۆژ گه وره

ترین هێز له دنیا نه ی توانی بڕواته ناوی و بیگرێ.....؟خۆ كوڕه ماندوو نه ناسه كان ٢٠كاتژمێر به رگریان

نه كرد..؟؟؟ئایا فه رهه نگی ئێمه هه ر هه ڵپه ڕكێ و پیرۆز بایی كردنه له و سه ركه وتنه مه زنانه ی كه

سه رنه كه وتووین..؟؟ هه قه ئێستا بڵێم كێ ئه نفالی كرد..؟؟

— ئه نفال ڕاسته سه ڕانی ڕژێم بڕیاری بۆ ده ركرد به ڵام ئه نجام ده رانی بریتی بوون له جاشه كان كه

ژماره یان نزیكی ملیۆنێ ده بوو ئێستا له ناو ڕیزه كانی پارتی و یه كێتی دا تواونه ته وه و به رپرسیشن...!

هه روه ها سوپای ئێراق كه پێكهاتبون له وانه ی ئه مڕۆ له ده وری السید مقتدا السدر و حه وزه كۆبونه ته وه

هه روه ها ئه وانه ی كه ناویان (مقاومه ی شریفه)..یان ئه وانه ی له پشتی مله وه خه ڵک سه رده برن...!

هه رچی بوترێ ده رباره ی ئه نفال هه ر كه مه،،كورد گه لێكی بێخاوه نه ئه گه ر نا دادگایه كی عادل هه بێ

ئه بوایه ئه وانه هه موو بدرانایه ته دادگا و تۆڵه یان لێ بكرایه ته وه نه ك چه پڵه یان بۆ لێبدرێ فرمێسكی

تیمساح هه ڵرێژن.....!